# ئایا دەزانن غەیبەت چییە؟ » ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی دەزانێت، فەرمووی: «ئەوەیە شتێک بڵێیت سەبارەت بە براکەت کە ئەگەر ئەو ببیستێت حەزی پێنەکات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا دەزانن غەیبەت چییە؟ » ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی دەزانێت، فەرمووی: «ئەوەیە شتێک بڵێیت سەبارەت بە براکەت کە ئەگەر ئەو ببیستێت حەزی پێنەکات»، ووترا: ئەی ئەگەر ئەو قسەیەی کە سەبارەت بە ئەو کرا تێیدا بوو؟ -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئەگەر ئەو قسەی سەبارەت بە ئەو کرا تێیدا بوو؛ ئەوا غەیبەتی ئەوت کردووە، وئەگەر تێیدا نەبوو؛ ئەوا بوهتانت بۆی کردووە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەقیقەتی غەیبەتکردنی حەرامکراو ڕوونندەکاتەوە، ئەمیش بریتیە لە : باسکردنی مسوڵمانێک بەشێوەیەک ئەگەر ببیستێت پێی ناخۆش دەبێت، ئەگەر باسکردنی سیفەتە ڕەوشتی یان لاشەییەکانی بێت، وەکو: کوێر وفێڵ ودرۆزن وهتد لە وەسفەکانی سەرزەنشتکردن، ئەگەرچیش ئەو سیفەتەی تێدا هەبێت. بەڵام ئەگەر ئەو سیفەتەی تێدا نەبێت ؛ ئەمە گەورەترە لە تاوانی غەیبەتکردن، کە پێی دەووترێت: بوهتان، واتا: درۆ هەڵواسین بۆ کەسێک لەکاتێکدا ئەو سیفەتەی تێدا نەبێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5326

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee